ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# جارێکی تر ئاڵای کوردستان و ئەمەریکا

**موحەممەد ئەحمەد**

رۆژنامەنووس- ئەندامی لقی سلێمانیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

٣ی ئایار ٢٠٠٥

من رەخنەیەکی زۆرم لە سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، بەتایبەت ئەو ئیجتهادە سیاسییە نارێکەی لە ٣١/ ئابدا پیادەیان کرد، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هیچی چاك و باش لە پارتیدا نەبێت.

بۆ وێنە ئەوەی پارتی رازی نەبوو هەر لەسەرەتادا ئاڵای عێراقی سەردەمی بەعس هەڵبکات، بەڵام کاتێك گوندەلیزارایس تەشریفی هێنا بۆ عێراق و یەکەمین جار لە کوردستان و بەتەحدید چوو بۆلای بارزانی، و داوای لێکرا بوو ئاڵای عێراق لە تەك ئاڵای کوردستان هەڵبکات بارزانی رازی نەبوو بۆ ئەو مەراسیمە ئاڵای عێراق هەڵبکات و بۆ رازی کردنی تەرەفی دووەم ئاڵای کوردستانی داگرت.

ئەم رووداوە لەلایەن رۆژنامە وانانی هەواداارنی ( ی. ن. ك) قۆزرایەوە و ئەوەیان بلاوکردەوە کە بارزانی ئاڵای کوردستان داگرتووە کە دەبوو ئەوە زەق بکرایەتەوە بۆچی ئەمریکای هاوپەیمان لە کوردستاندا و لەلای حزبێکی وەك پارتی و سەرۆکەکەی رازی نەبوو ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت، دیارە بەرژەوەندی ئەمەریکا ئەوە ناخوازێت و رۆشنبیرانیش بەتایبەتی هەوادارانی ( ی. ن . ك) نەدەبوو تەنها ئەو دیوە ببینن کە بارزانی ئاڵاکەی داگرتووە ، بەڵکو ئەوەیان بۆ روون ببێتەوە کە ئەمەریکا ئەو هاوپەیمانە باوەرپێکراوە نییە کە کورد پشتی پێببەستێت تەنانەت بەشێوەیەکی رەمزیش رێگە نادات لە سەردانە خارجیەکاندا ئاڵای کوردستانی نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنی هەڵبکرێت..

ئەمەش یەکەم جار نییە ئەمەریکا ناڕازی بێ بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان چونکە چەندین جار لە کەرکووك و شوێنی تر بە بەرچاوی خەڵکییەوە ئاڵاکەیان داگرتووەو سووکایەتییان پێ کردووە.